شیعر

شـوان حـەسـەن

# دەتنووسمەوە و
# دەترسم جوان نەبی

**دوایی دوو ساڵ خۆکوشتننت**
**خوێنت لە یادەوەریم موترووبە دەکات**
**کچێکم دەبێت لە تۆ دەچێت**

بۆ خوشکم...

**تادێ دڵم دەبێت بە ئاو میوانی وەک تۆ و**
**رێبوارانێ لێرە و لەوێ تاسە دەشکێنن**
**دڵۆپ دڵۆپیان بۆ دەکەمەوە**
**تا ماندوو دەبن لەگەڵیان دادەنیشم و دەست بار لەگەڵ مردووەکانیان دەگرم**


***

**کێ چی دەزانی بیڵێ**
**کە خۆت کوشت**
**بێداری بێ نووزە قژەکانی لە دەست بەربووەوە**
**مراوییەکی روح سووک... لە حەوزێکی پڕ لە خەنە**
**بە باڵەکانی رەنگی هێلکەکانی بۆ دەکردی بە قەوزە**


تۆش بە مووروو و زەنگیانە
بێچووت بۆ دروست دەکرد
چۆن تەمەنت دایە دەست چرکەی گوللە
***
بیرەوەرییەکانت
لە ئەلبومی قوژبنێکی پڕ لە خوێندا دەخرێ و
لەگەڵ هەنگاوەکانا سام دەگرن
ئازیزانت بۆ کوێ بڕۆن
خۆ سیمات لە جۆلانەی جێگەدایە و
لە نێوان درەختی تەمەنی ئەوان دەهات و دەچوو
***
دە بڵێ
خەواڵوو بووم و
ڕێکەوت پەنجەی خستمە سەر پەلاپیتکەی
بڕیار
***
ڕوویان لێ وەردەگێڕی
ئەوان زۆرن
پاساوەکانیان
دڵۆپە خوێنەکانت پەست و شێدار دەکەن
لە مەرگێکی تەنیا دەگەڕایت و
دەتەوێ بتشۆن و بخەوی
ماندوویت
لە فرمێسک و
پاکانە و
پاکیزەییان
دەی چی دەڵێن بابڵێن



لەگەڵ مەرگا سەرمات نەبێ
تەنیایی ئازارت نەدا
من دەچم بۆ دادگای ئەوان
***
گەردەلوولێک کات هەڵدەگرێ و
لە کەمەری درەختێک ورد و خاش دەبێت
هەور و تەم کۆی دەکەنەوە و
لە کەنارێکی شێداره دەیکەن بە شوێن
نیگا منی دەهۆنییەوە و
بە دوایی دەرزێک دادەگەڕا تا بمکا بە دڵۆپ و
تنۆک تنۆک لە سەرسوڕمانە بمبارێنێ
***
نەتهێشت لە ڕۆژی پاکبوونەوە
هیچ بڵێم
هەرزەکار بووم ئەو ساتە
وام دەزانی گرێیەکوێرەکانی نەهامەتی
کێوەکان دەیکەنەوە
دەبا نەڕۆیشتبام
لەوانەبوو
گڕی لێوم لە حەوشەی ماڵەکەماندا
حاکم بووایە و
دەسەڵاتی ئەو ئاسمانەی بسووتاندبایە
کە بەسەر تۆدا دەچەمایەوە
لە ڕۆیشتنم ببوورە
لەگەڵ مەرگا
وێنەی زۆرمان گرت
بەس دەستمان لە سەربەستی یەکتر نەدا



درەنگ زانیم و
درەنگ هاتمەوە
وەلێ هێشتا تەمێکی سۆر
لە ژێر بەردی سەر بردەکەت
هەڵمێکی دەهێنا و
پەنجەکانمی دەکرد بە دڵۆپ
لە کەسم نەپرسی بەچاوی تۆ
بەشێنەیی
لەگەڵ سێبووریيا خزامە لات
نامەیەکم لەسەر گۆڕەکەت لە خۆڵ نووسی و
ئاورشێنم کرد
گوێت لێم بوو
کە پێـم گوتی
کچەکەم لە تۆ دەچێ
کە توورە دەبێ
پێچێ ژان هەڵم دەگرێ بۆ لات



***
حەزم دەکرد کوڕێ ئەویندارت بووایە و
کوچە و کۆلانەکانی
پڕ لە بۆن و پۆستەر بکردبایت
لەگەڵی بگریابام
دوا بۆنی تۆم لێ بکردبایە
***
دەزانی
مەرگ چاوە کەژاڵەکانتی
کردووە بە چاویلکە و
بە دوایی کچانی گەڕەکدا دەگەڕێ